# ( شاپەڕی خەیاڵ)

نوسینی   دیار محەمەد
Deyar_mahamad@yahoo.com

که بێدەنگی سوژدەی بە هەناسەیەك دەبرد
من دەگریام
کە گۆزەت لە کانی ئاسمان پڕکرد لەفیراق
من دە مردم بە بێگیان
تۆخوێنت لە جیهانی لەشێك فرۆشت
بەمن بە خۆت
تۆ درۆت پڕکرد لە  پێکەنین
لەشاپەری منداڵە
مەنغۆلەکان
لە ئاواز
لەسەدای کچ
کچێك بە بێ ئەوەی وشەی نەزەربزانێ
بەبێ ئەوەی ماچەکانی عادە بن
لە درۆ
لە سوری شەوەکانی دایك
تۆ درۆت پڕکرد لە من
لە خۆت
لە دایکت لە دایکم
لە شەو لە مانگ لە ئاسمان
لە گەلا
لە کورێکی ڕەشتاڵە
لە بەردەم دادگای  لە شتا
لەئابڕوی لە شێکی شەرمندا
سپی بوین

سپیتر لە کاتی ڕۆژو گرتن

لە کاتەکانی مانگ گیران

وەك لە دایك بونی مردنێك کەنابێت

لە بیٚ ئاگای پیاوە مەستەکان

لە بلیت بڕینی قیتاری مەرگەوە

بە رەو من

بەرەو مەخلوقێکی ڕەش

بەرەو بەیانیەکی تەمەن

بەرەو شەوی هەڵە بجە

بەرەو خەوێکی فیردەوسی

بەرەو فرێسك

بەرەو من بەرەو تۆ

بەرەو شەهید بونی شەوە کورتەکانی

تەواومان کرد لە یەك

لە گریان لە پیٚکەنین

لە خیانەت

لە بڕوا